پابەندبوون بە یاسای بنەڕەتی دیموکراتیی ئازادی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا

بۆ داوای مۆڵەتی نیشتەجێبوون بەپێی بەشی 104c، بڕگەی 1، حوکمی 1، ژمارە 1، لە Aufenthaltsgesetz (AufenthG - یاسای نیشتەجێبوون، چالاکیی ئابووری و یەکخستنی بیانییەکان لە یاسای نیشتەجێبوونی خاکی فیدراڵی)

1) من بە ڕێبازی بنەڕەتی دیموکراسی ئازادی یاسای بنەڕەتی بۆ کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا پابەندم. بە تایبەتی دان بەم شتانەدا دەنێم:

a) خەڵك مافی خۆیانە لە ناو حکومەتدا دەسەڵاتیان هەبێت.
   - لە هەڵبژاردن و دەنگدان،
   - لەلایەن دەزگاکانی یاسادانان، جێبەجێکەر (حکومەت)و دادوەرییەوە.

   خەڵك بە دەنگدانی گشتگیر، ڕاستەوخۆ، ئازاد، یەکسان و نهێنی نوێنەرایەتی خەڵك هەڵدەبژێرێت.

b) دەسەڵاتی یاسادانان پابەندە بە یاسای دەستوورییەوە. دەسەڵاتی حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری پابەندن بە یاسا و دادپەروەرییەوە.

c) دەکرێت ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دروست بکرێت و بەکار بهێنرێت.

d) حکومەت دەبێت لە کارەکانی بەرامبەر بە نوێنەرانی خەڵك وڵامدەربێت. دەکرێت حکومەت بەدەنگدان لاببرێت و بگۆڕدرێت.

e) دادگاکان سەربەخۆن.

f) هەر جۆرە حوکمڕانییەک بە هێز یان دەسەڵاتی زۆردارانەوە پەسەند ناکرێت.

g) مافی مرۆڤ لەپێشێل بوون دەپارێزرێت.

h) یاسای بنەڕەتی گەرەنتی کەرامەت و یەکسانی هەموو مرۆڤەکان دەکات. کردەوەیەک کە ئامانجی دژە جوولەکە، ڕەگەزپەرستی، بێگانەپەرستی یان ئامانجی نامرۆڤانەی تری بەدوادا بێت، لەگەڵ ئەمەدا ناگونجێت و پێچەوانەی ئەم لێدوانەیە.

2) من ڕایدەگەیەنم کە من بەدوای هیچ کام لەم هەوڵانەی خوارەوەدا ناگەڕێم و پشتگیریان لێناکەم، هەروەها لە ڕابردووشدا ئەوانەم نەکردووە:

a) ئەو هەوڵانەی کە دژی یاسای بنەڕەتی دیموکراتی ئازاد، هەبوون یان ئاسایشی فیدراسیۆن یان نیشتیمانێک، یان

b) دەستێوەردانی نایاسایی لە هەڵسوکەوتی فەرمی دەزگا دەستوورییەکانی فیدراسیۆن یان دەوڵەتێک یان ئەندامەکانیان، یان

c) بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا دەخاتە مەترسییەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی کردەوەی هێز یان کردەوەی ئامادەکارییەوە کە ئامانجی مەترسی خستنەسەرە، یان

d) کردەوەیەکی دژە جوولەکە، ڕەگەزپەرستی، ترس لەبێگانە یان کردەوەیەکی نامرۆڤانەی دیکەیان وەک ئامانج هەبێت.

3) من 'پەڕەی زانیاری لەسەر یاسای بنەڕەتی دیموکراتی ئازاد'م وەرگرتووە و خوێندومەتەوە و تێگەیشتم.

____________________ ____________________

شوێن و ڕێکەوت                                   واژۆ